گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گوتاری راگەیاندنی ئەلیکترۆنیی کوردی لەبارەی ریفراندۆمی ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستاندا
# (پێگەی ئەلیکترۆنی K24) وەك نمونە

**د عبدالخالق ئیبراهیم مستەفا**
بەشی راگەیاندن, پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر, زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عێراق
Abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەویە دیاریکردنی گرنگترین ئەو چوارچێوە و پرسانەن لە گوتاری میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی گرنگییان پێدراوە لە بانگەشەی ریفراندۆمی ساڵی 2017، توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە، پشتی بەرێگەی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەستوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتین لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە نێویشیاندا پێگەی ئەلیکترۆنی K24 وەك نمونەی توێژینەوە دیاریکراوە و شیکردنەوە بۆ (90) هەواڵی پێگەکە کراوە بەدرێژایی رۆژانی بانگەشەکە کە مانگێك بەردەوام بوو، گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە ئەمانەبوون: کە گوتاری پێگەکە گوتارێکی لایەنگر بوو بۆ ریفراندۆم و زۆرترین ئەو چوارچێوانەی لە گوتاری پێگەکەدا بەکارهاتووە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی و ململانێ بووە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/٩/٧
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١١/٢٢
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**Keywords**:
*Media Discourse, Electronic Media, Framing News, Referendum Kurdistan Region*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.5.4.08

## پێشەکی:

ئەگەر گوتاری راگەیاندن بریتی بێت لە کۆی ئەو دەقە نوسراو و گوتراوانەی لەرێگەی ئامرازێکی راگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەوا پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو دەقە بە کۆمەڵێك قۆناغ و هەنگاوی یەك بەدوای یەکدا تێپەردەبێت کە دەرەنجامی پلانی پێشوەخت و زادەی ئامادەیی کایەی رۆژنامەوانییە بۆ وەڵامدانەوە و کارلێککردن و گواستنەوەی پێشهات و گۆرانکارییەکان بە راست و دروستی و بابەتیانە بۆ وەرگر.

ئەرکی گواستنەوەی هەواڵەکانیش چ لە روانگەی تیۆری پاسەوانی دەرگا یان تیۆری شیکردنەوەی چوارچێوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بە چەندین وێستگەی پاڵفتە و بژارکردندا تێدەپەرێت کە تیایاندا بریاردەدرێت چ زانیارییەك بگاتە وەرگر و کامە زانیارییش هەڵوێردەکرێت و لادەبرێت، هەروەها خودی ئەو زانیاریانەی بڵاودەکرێنەوە بەگوێرەی گرنگی و کاریگەرییان شوێن و پانتایی و رەگەزە گرافیکیەکانیان لەگەڵ بەکاردێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت تیشك بخرێتەسەر پرۆسەی چوارچێوەبەندیی هەواڵ لە رووماڵی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بۆ بانگەشەی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بەدرێژایی ماوەی 23ی ئاب تا 23ی ئەیلولی ساڵی 2017 و رۆڵی لە گوتاری راگەیاندنی پێگەکەدا دەستنیشان بکەین.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە لایەکەوە سەرچاوە دەگرێت لە گرنگی ئەو توێژینەوانەی بۆ شیکردنەوەی گوتاری راگەیاندنی ئامرازێکی دیاریکراوی راگەیاندن لەوەدایە کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن و زانینی ئاراستەی ئەو ئامرازانە لە هەمبەر روداوەکاندا، لەپاڵ ئەمەشدا شیکردنەوەی گوتاری میدیای ئەلیکترۆنی کوردی، کە لەئێستادا بەخێرایی گەشەدەکەن و شوێنی راگەیاندنی چاپکراو دەگرنەوە و یارمەتیماندەدەن تێبگەین لەو کەرەستە و ئامرازانەی میدیا ئەلیکترۆنییەکان بەکاریدینن، هەروەها بۆ زانینی رادەی سودوەرگرتنی میدیای لەو تایبەتمەندیانەی کە جیایدەکاتەوە لە ئامرازە کۆنەکانی راگەیاندن.

## بەشی یەکەم

## لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکە

### 1.1. کێشەی توێژینەوەکە

بابەتی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە بریتیە لە لێکۆلینەوەی دوو گۆڕاو ، ئەوانیش چوارچێوەبەندی هەواڵە، ئەوی دیکەش گوتاری میدیای ئەلیکترۆنیە، بۆ زانینی جۆری ئەو پەیوەندیەی لە نێوانیاندا هەیە، لەرێگەی دەستنیشانکردنی رادەی بەکارهێنانی لەچوارچێوەدانی هەواڵ لە پێگەی ئەلیکترۆنیی K24 لەکاتی رومالّکردنی بۆ هەلّمەتەکانی بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەریمی کوردستان و دواتر خستنەڕووی ئەوەی تاچەند ئەم پرۆسەیە سودی لێوەرگیراوە بۆ گەلالەکردنی گوتاری راگەیاندنی پێگەی ناوبراو و جۆر و ئاراستەی گوتارەکەدا.

## 1.2. گرنگی توێژینەوەکە

دەکرێ گرنگی ئەم تویژینەوەیە لە دوو خالّدا بخەینەڕوو:

یەکەم: توێژینەوەکانی شیکاریی گوتار بایەخێکی زۆریان هەیە لەوەی لایەنەکانی گوتار و جۆری گوتاری راگەیاندن دەربخەن بە تایبەتی لە پرسێکی هەستیاری وەك پرسی ریفراندۆم.

دووەم : لەرووی بابەتیشەوە جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی چوارچێوەبەندی هەواڵ گرنگە بۆ ئەوەی مەودای بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە رەگەزەکانی ئەو تیۆر و پرۆسەیە لە راگەیاندنی ئەلیکترۆنی بزانین.

## 1.3. ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەولّدەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

یەکەم: دەستنیشانکردنی ئەو چوارچێوەبەندییانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەکارهاتوون بۆ هەواڵی تایبەت بە ریفراندۆم.

دووەم: دەستنیشانکردنی پرسانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 تیشکی خراوەتەسەر بۆ زەقکردنەوەی ئەو هەوالانەی تایبەتن بە ریفراندۆم.

## 1.4. پرسیارەکانی توێژینەوەکە

گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژنەوەیە بریتیین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- گرنگترین ئەو چوارچێوانە چین پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەکارهێناوە لە رووومالْکردنی بۆ بانگەشەی ریفراندۆم؟
2- گرنگترین ئەو پرسانە چین پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەکارهێناوە لە رووومالْکردنی بۆ بانگەشەی ریفراندۆم زەقیکردونەتەوە؟
3- گرنگترین ئەو جۆرانەی گوتار چین پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەکارهێناون لە رووومالْکردنی بۆ بانگەشەی ریفراندۆم؟
4- گرنگترین ئەو هێزە کارایانە چین رووومالْی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بۆ بانگەشەی ریفراندۆم لەخۆیگرتوون؟

## 1.5. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە میدیا ئەلیکترۆنیە کوردییەکان کە ناوەڕۆکەکەیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە، نموونەی توێژینەوە بریتیە لە رووماڵی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بۆ هەڵمەتی بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆم کە لە (23 – 8 تا 23 – 9 - 2017) درێژدەبێتەوە، نموونەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە، لەسەر ئەو بنەمایەش لە کۆی (30) رۆژی هەڵمەتەکە تەنها رۆژە تاکەکان وەرگیراون و شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ (90) هەواڵ کراوە لە ڕووماڵی پێگەی ئەلیکترۆنی K24.

## 1.6. ڕێباز و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە توێنەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی رووپێوی بەکارهاتووە، بە بەکارهێنانی رێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، بەو پێیەی ئەم رێگەیە گونجاوترین رێگەیە بەکاربێت بۆ ئەو توێژینەوانەی پشت بە تیۆری شیکردنەوەی چوارچێوە دەبەستن بۆ گەیشتن بە ئەنجامگەلێك سەبارەت بە گوتار و ناوەڕۆکی شێوازی کارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

سنوری توێژینەوەکە

یەکەم: سنوری شوێن: توێژینەوەکە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: سنوری کات: ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە 30ی رۆژی بانگەشەی ریفراندۆم لە 8/23 تا 9/23ی ساڵی 2017.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە
## تیۆری شیکردنەوەی چوارچێوە (Frame Analysis)

### 2.1. ناوەڕۆکی تیۆرەکە

سەرەتای سەرهەڵدانی شیکردنەوەی چوارچێوە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم کاتێك والتەر لیپمان باسی لە کاریگەریی راگەیاندن کرد لەسەر تێگەیشتنی واقیع، بەلام بەکارهێنانی زاراوەی چوارچێوەبەندیی (Framing) بۆ ساڵی (1974)دەگەڕێتەوە کاتێك زانای کۆمەڵناس ئێرڤین گۆفمان بۆ یەکەمدار ئەو زاراوەی بەکارهێنا.(Baran, Davis, 2015, p.317)

لەم ساڵانەی دواییشدا تیۆری شیکردنەوەی چوارچێوە بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی زۆرێك لە توێژەرانی بواری رای گشتی ، پەیوەندییکردنی سیاسی و توێژینەوەکانی تایبەت بە شیکردنەوەیناوەڕۆکی هەواڵیی لە ئامرازەکانی راگەیاندندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیدگا و کەرەستەی تیۆری زۆر خۆیدەگرێت کە لە سودوەرگرتن لە کەڵەکەبوونی زانستی توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن هاتۆتەدی. (مكاوي, السيد، 2006، ص.342)

### 2.2. چەمك و پێناسەی تیۆرەکە

شیکردنەوەی چوارچێوە دیدگایەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە دروستکردنی مشتومڕ لەبارەی پرسە جیاوازەکان، بەوپێیەی ڕۆڵی راگەیاندن تەنها بەوە ناوەستێت ناوەڕۆکە هەواڵییەکە بگوازێتەوە، بەڵکو مانا و مەبەستیش بۆ ئەو ناوەڕۆکە بنیات دەنێت، لەڕێگەی لەچوارچێوەدان و پیشاندانی ناوەڕۆکەکە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە، کە دەکرێ بەهۆیەوە لێیتێبگەین و شیبکەینەوە و بۆچوونی خۆمانی لەبارەوە دەربڕین.

زاراوەی چوارچێوە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی لەبواری راگەیاندن بەکاردەهێنرێت ئەوانیش(Watson, 1998, p.):

1- چوارچێوە لە بواری راگەیاندندا، مەبەست لێی ئەو ووشە، وێنە، دەربڕین و شێوازانەیە کە ڕۆژنامەنووس بەکاریدێنێت بۆ خستنەڕووی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان.
2- چوارچێوەی هزری یان تاکەکەسی، مەبەست لێی درککردن و تێگەیشتنی تاکە یاخود جەماوەرە بۆ ڕووداوەکان، ئەمەش پێچەوانەی جۆری یەکەمە کە ئاماژەیە بۆ هەڵوێست و دیدگای نێرەر.

گۆفمان چوارچێوە بەوە پێناسەدەکات "ئەو کردارانەیە مرۆڤ پێی هەڵدوستێت لە پۆلێنکردن و ڕێکخستن و شرۆڤەکردنی واقیع، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە زانیارییەکان و دانانی ڕووداوەکان لە سیاقی خۆیدا" (Robert, 2001, p.78)

لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە"چوارچێوە بریتییە لە چوارچێوە و بونیادێکی دیاریکراو بۆ پێشبینییەکان وا دەکات خەڵك درك بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بکات لە کاتێکی دیاریکراودا" (عبدالحمید، 2004، ص.102)

ڕۆبێرت ئینمان بەوشێوە پێناسەی دەکات کە "هەڵبژاردنی چەند لایەن و ڕووێکی ڕاستییە هەستپێکراوەکانە و زەقکردنەوە و دەرخستنیانە لە دەقەکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێك ڕەواج بە پێناسە و تێڕوانینێکی دیاریکراو دەدات، یان تەئویلکردنێکی ڕێژەیی، یاخود ڕاستکردنەوەیەکی ئاکاریی یان ڕاسپاردەیەك بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی دیاریکراو" (Entman, 1993, p.52)

بەوەش پێناسە دەکرێت کە "توانای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە لە گۆڕینی دیدگای تاك بۆ واقیع لەڕێگەی کاراکردنی کۆمەڵێك چەمك و تێگەیشتنی عەقڵی لە یادەوەری تاکدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، و دواتر بەکارهێنانی لە پرۆسە مەعریفییەکاندا" (June, 1997,p.44)

## 2.3. میکانیزمەکانی دانانی چوارچێوە

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چەند میکانیزمێکی دیاریکراو بەکاردێنن بۆ دانانی چوارچێوە بە دەوری ڕووداوەکاندا، لەوانەش(کمال، 2008، ص.207):

1- هەڵبژاردن: ئەم میکانیزمە بناغەی سەرەکی پرۆسەی لەچوارچێوەدانە، ئەویش بە هەڵبژاردنی بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەنێو کۆمەڵە بیرۆکەیەك بۆ لێکدانەوەی رووداوەکە.

2- ئامرازەکانی راگەیاندن کۆمەڵێك لایەنی رووداوەکە دیاریدەکەن و تیشکی دەخەنەسەر لەرێی دووبارەکردنەوە و بەستنەوەی بە سیمبوڵە کلتورییەکان، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ دروستبوونی خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بۆ رووداوەکە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو واقیعە.

3- لەکاتی دانانی چوارچێوە، ئامرازەکانی راگەیاندن هەندی زانیاری دووردەخەنەوە و پشتگوێی دەخەن، چ بە ئەنقەست یان بەهۆی نەزانینەوە، بەمەش دوورخستنەوە دەبێتە روخسارێکی دیکەی چوارچێوەدانان.

## 2.4. تایبەتمەندییەکانی دانانی چوارچێوە

دانانی چوارچێوە بە کۆمەلێك تایبەتمەندیی دەناسرێتەوە لەوانە(عطية, 2005, ص.87):

1- مانایەکی دیاریکراو بە رووداوەکان دەبەخشێ، کە جەماوەر لەسەر ئەو بنەمایە لێیتێدەگەن.

2- دانانی چوارچێوە بەشێکە لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە، بەوپێیەی بەها کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری کاریگەرن لەسەر رۆژنامەنووسان لەکاتی دانانی چوارچێوە.

3- دانانی چوارچێوە گرنگی بە مانا شاراوەکانی رووداوەکە دەدات.

4- ئامرازێکی یاریدەدەری تێگەیشتن و راڤەکردنی رووداوەکانە.

# بەشی چوارەم
# گوتاری راگەیاندن
# چەمك و تایبەتمەندیی و میکانیزمەکانی

## 3.1. چەمکی گوتاری راگەیاندن

بەکارهێنانی چەمکی (گوتاری راگەیاندن)، بۆتە بەشێك لە ململانێی سیاسی و حزبی و ئاینزاکان، چەکێکە بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێت، دەوڵەت و لایەنە سیاسییەکان لێوەی دەستپێدەکەن. لەگەڵ زیادبوونی گرنگی و مەترسیەکەی، بەکارهێنانی گوتاری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

راگەیاندن لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاك زیاتر بووە، گوتاری راگەیاندن هەر بەووە ناوەستێ واقیع دەربخات و شیبکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات، بەڵکو بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی بیرۆکە و ئاماژەدان بە رەهەند و ماناکانی ئەو رووداوانە، کە پێویستن بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی هۆشیاری لە ئاست ئەو پرسانەی هەر کۆمەڵێك بڕوای پێیانە. (هاشم،2010،ص116). هەر بۆیە لەڕووی زمانەوە، **(بشير ئەبرير)** پێناسەی گوتاری راگەیاندنی کردووە، بەوەی کە: (بەرهەمێکی زمانەوانیی و هەواڵیی هەمەچەشنە لەچوارچێوەی بونیادێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دیاریکراودا، شێوەیەکە لە شێوەکانی بەیەکگەیشتن و پەیوەندییکردن، توانای کاریگەری نواندنی هەیە لە نێو کۆمەڵگەدا، کاریگەری هەیە لەسەر وەرگر و دەتوانێت دووبارە هۆشیاری و راوبۆچوونەکانی و تێڕوانینی بۆ ئایندە بنیاتبنێتەوە، بەپێی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەی لە بەردەستیدان و بەکاریاندەهێنێت، لەپاڵ ئەو بنەما مەعریفیانەش کە سەرچاوەی ئەو گوتارەن". (محمد، 2016، ص160).

لەڕووی چالاکی و پەیوەندیکردنیشەوە، **ئەحمەد العقاد (2000)** پێناسەی گوتاری راگەیاندنی کردووە، بەوەی کە کۆمەڵێك چالاکی راگەیاندن و پەیوەندییکردنی جەماوەرییە، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، سەروتار، بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و بابەتەکانی رادیۆ ئەنجام دەدەرێن. حمیدة **سمیسم (1997)**دەڵێت "گوتاری راگەیاندن، پرۆسەی باوەرپێهێنانی خەڵکە بە واقیع و تێڕوانین لێی لەڕوانگەی هەست و باوەڕێکی پێشینەوە، کە پێشتر هەمانبووە، دەربارەی تێگەیشتن و بۆچوون و پێشنیارەکای پەیوەست بەو واقیعەوە.

گوتاری راگەیاندن دەتوانێت کارلێك دروست بکات و کاریگەر بێت لەسەر کۆمەڵگە، دەتوانین بڵێین گوتاری راگەیاندن بریتییە لە چالاکییەکی میدیایی نوسراو یان بیستراو یان بینراو، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کۆمەڵگەدا دروست دەکات، بەشداردەبێت لە رێکخستنی کۆمەڵگەدا، لەرێگەی درککردنی دۆخەکە و دیاریکردنی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان و دەستنیشانکردنی یەکە پێکهێنەرەکانی، لەرێگەی چالاکییە پەیوەندیدارەکانی نێوان بەرهەمهێنەری گوتارەکە و جەماوەری وەرگردا (صادق،2017، ل14).

گوتاری راگەیاندن: بە ئامرازێکی گرنگی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری دادەنرێت، بەهۆی ئەو پەیامانەوە، کە لە ڕێگای گوتارەوە دەنێردرێت. ئەمە وایکردووە، راگەیاندن ببێتە تەوەرێکی بنەرەتی لە ڕێکخستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەدا. هەربۆیەش (خضور،2002) وای بۆ دەچێت "هەر گوتارێکی راگەیاندن، بەرهەمی بونیادێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیرییە، ڕوو لە جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات و هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی ڕوون و دیاریکراو دەدات".

## 3.2. تایبەتمەندییەکانی گوتاری راگەیاندن

لێرەدا گرنگترین خاسیەتەکانی گوتاری راگەیاندن باسدەکەین کە ئەمانەن: (وادی،2000،ص.50: محمد، 2016،ص.195).

1- گوتارێکی ڕاستەوخۆ و بە مەبەستە، لە گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی لەلایەن گوتاربێژەوە، لەڕێگەی گوتاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە، بە مەبەستی کارلێکردن و کارتێکرن لە وەرگر بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکانی گوتارەکە.
2- گوتاری دەسەڵاتە، بیروڕای ئەو هەڵدەگرێت، گوزارشتە لە دەسەڵاتی دامەزراوە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوریی و ئاینییەکان.
3- پەیامی بەرهەمهێنەری گوتار و بکەرەکەیەتی بۆ دروستکردنی کاریگەری خوازراو لەڕێگەی شێوە جیاوازەکانی گوتاردا.
4- گوتارێکە بۆ چەندین مەبەست و ئامانجی جیاواز ئەنجام دەدرێت، کە ئەرکی هێنانەئارای کارلێکردنی جەماوەرییە.

## 3.3. رەگەزەکانی گوتاری راگەیاندن

دەتوانین رەگەزەکانی گوتاری راگەیاندن دابەشی سەر چەند خاڵێك بکەین، کە ئەمانەن(سلام، 2003، ص.115):

1- قسەکەر- نێرەر: گوتارەکە دەدات، یان گفتوگۆ دەکات. یان لێدوان دەدات، کە تیایاندا پەیامێکی روون دەگەیەنێت، ئامانجی دیاریکراوی هەیە.

2-قسەکردن لەسەر ڕووداوێك: کە پێشتر ڕوویداوە، یان بەدواداچوونە لەسەر ڕووداوێك تازە ڕوویداوە، پێویستیان بە قسە لەسەر کردنە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-گوتاری راگەیاندن ئامانجی کردنەوەی کۆدی دەقە، ئەویش بە زانینی مەبەستەکانی دەق و شیکردنەوەی مەیلی فکری نێرەر.

**لە ناوەوەشدا ئامانجێك یان زیاتری هەیە لەگەڵ سەرچاوەی باوەر پێکراو، کە ئاراستەکانی لێوەردەگرێت. وەك لەمانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە: (زاید، 2007، ص.21).**

1-کەناڵێك یان ڕێگایەك، ئامرازێك هەبێت بۆ ناردن.

2-ئەم قسەکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت لەنێوان نێرەر و وەرگردا، وەکو گفتوگۆکردن، یان ناراستەخۆ دەبێت ئەوکاتەی نێرەر تیایدا دیارنابێت سەرەڕای بەردەوامی بوونی پەیامە ڕاستەوخۆکە، وەکو ئەوەی لە تابلۆیەکدا، کە هونەرمەندەکە پیشانی دەدات و خەڵکی دەیبینن بێ ئەوەی پێویست بێت ئەو خۆی لەوێ بێت.

3-پەیوەندییکردنی نێوان نێرەر و وەرگر پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەبێ ئەو پەیوەندیکردنە ژیانی کۆمەڵایەتی و و کارلێکی کلتوری بوونی نابێت.

4-هەر گوتارێك، نێرەر دەریدەبرێت، وەکو هەربکەرێك لە بکەرەکانی دیکە بە خاسیەتی جیاواز و سومبولە کلتورییەکان بارگاوی دەبێت،

**گوتاری راگەیاندن وەك هەر کایەیەکی پەیوەست بە میدیاوە دەکرێ وەك چەکێکی دوو سەر لە چەندین بواری جیاجیا و هەندێجاریش دژ بەیەك بەکاردەهێنرێت لەوانە: (عبدالجبار، 2011، ص.170).**

1- گوتاری راگەیاندن ئامرازێکە بۆ پێداچوونەوە.

2-گوتاری راگەیاندن ئامرازێکە بۆ پروپاگەندە.

3-ئامرازێکە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.

4-ئامرازی ململانێی بیروباوەڕ و بەرژەوەندییەکانە.

5-ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی.

6-چەکێکی دوو سەرەیە، یەکێکیان: ڕاگەیاندنی ڕاستییەکان و ئەویدیکەشیان ئامرازی شاردنەوەیە.

## 3.4. جۆرەکانی گوتاری راگەیاندن

### فۆکۆ گوتاری راگەیاندن دابەشی سەر دوو جۆر دەکات

1- گوتارە گۆراوەکان/ وەکو ئەوەی هەموو رۆژێك دەوترێت، لە دوای گوتنەکە، کاری تەواو دەبێت.

2- گوتاری نەگۆر/ وەکو ئەوەی وتراون و دەوترێنەوە، بە چاوپۆشین لە دارشتنیان، کە دووبارەدەکرێنەوە و قسەیان لەسەر دەکرێت، وەکو دەقە ئایینییەکان و دەقە ئەدەبییەکان، یاساکان و زانستەکان تاراددەیەك. (میشیل، 1998،ص.11).

## 3.5. ئامانجەکانی گوتاری راگەیاندن:

دەتوانین گرنگترین ئامانجە سەرەکییەکانی گوتاری راگەیاندن لەمانە کۆ بکەینەوە: (الحکیم، 2001، ص.199).

1- چاودێریکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی، گەیاندنی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی لە مەترسییەکانی.

2- دروستکردنی بەهای کۆمەلایەتی: بەوەی گوتارێکی راگەیاندنی وا پێشکەشبکرێت نموونەی ئەرێنی بێت لە پرسە رۆشنبیری و هونەری و گشتییەکاندا.

3- پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی، مەبەستی یارمەتیدانە لە بنیاتنانی کۆمەڵگە بۃ فەراهەمکردنی بناغەیەکی هاوبەش بۆ بەها و تواناکان.

4- ئەنجامدانی پەیوەندیی و بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی گوزارشتکردن لە بەها کۆمەڵایەتی و ئاراستە کلنوریە باوەکان.

5- ئامادەسازی: ئەویش بە بەشداریکردن لە هەلمەتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی لە قەیرانە سیاسی و ئابوری و جەنگەکاندا.

## بەشی چوارەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

## 4.1. ناساندنی نمونەی توێژینەوە

### پێگەی ئەلیکترۆنی K24

پێگەی ئەلیکترۆنی K24 وەك بەشێك لە دامەزراوەی کوردستان24 بۆ کلتور و راگەیاندن، لە کۆتاییەکانی ساڵی 2015 دامەزراوە، بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی و ڕێنوسی لاتینی)، عەرەبی، تورکی، فارسی و ئینگلیزی هەواڵ و زانیاری بڵاودەکاتەوە، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکو شوباتی 2020 عادل قەرەداخی بەرپرسی پێگەکە بووە، دواتر ئەیوب محەمەد بابەکر بووە بە بەرپرسی پێگەکە، لەڕووی خاوەنداریەتیەوە دامەزراوەکە خۆی بە بێلایەن دەناسێنێت لەکاتێکدا بەشی زۆری هەواڵەکانی گرنگی بە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەدات هەربۆیە دامەزراوەکە وابەستەکراوە بە ناوبراو.

### نەخشەی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

'گرنگترین بەشەکانی پێگەکە بریتین لە:

1- هەواڵ: کە بەشەکانی کوردستان، عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا و جیهان لەخۆدەگرێت.
2- ئابووری: کە بەشەکانی نەوت و وزە، پارە و بانك و گشتی لەخۆیدەگرێت.
3- وەرزش: کە بەشەکانی تۆپی پێ، تێنس و گشتی لەخۆدەگرێت.
4- کلتور: بەشەکانی میوزیك، سەما و شانۆ و گشتی لەخۆدەگرێت.
5- ژیان: بەشەکانی ژنان، تەندروستی، زانست و تەکنەلۆژیا و گشتی لەخۆی دەگرێت.
6- وتار: بەشەکانی سیاسی، ئابووری، وەرزشی و گشتی دەگرێتەخۆی.
7- بەرهەمەکانی TV: تەواوی بەرنامە و بەرهەمەکانی کەناڵی ئاسمانی K24 دەگرێتەخۆی.
8- خزمەتگوزارییەکان: بەشەکانی فرینکوێنسەکان، پەخشی راستەوخۆ، ئەپەکان و خزمەتگوزاری RSS دەگرێتەخۆی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4.2. دەرخستنی خشتە و ئەنجامەکان

لایەنی پراکتیکی توێژینەوە بریتیە لە وەرگرتنی ڕووماڵی پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) بۆ کەمپەینی ریفراندۆم کە بۆ ماوەی مانگێك بەردەوام بوو لە (23-8 تا 23-9-2017) لەو مانگەشدا هەواڵەکانی (15) ڕۆژ وەرگیراوە ، بە جۆرێك بەشێك لە هەواڵی زۆربەی  ڕۆژەکان وەك نموونە بۆ شیکردنەوەی چەندێتی و جۆرایەتی هەلبژێردراوە ، ژمارەی هەواڵە شیکار کراوەکان (74) هەواڵە کە (21013) ووشە بوو.

خشتەی (1)
چوارچێوەی هەواڵی بەکارهاتوو
لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24

| چوارچێوە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرپرسیاریەتی | 60 | 44.44 |
| بەراوردکاری | 26 | 19.25 |
| ئەنجامە ئابووریەکان | 4 | 2.96 |
| ململانێ | 45 | 33.33 |
| کۆی گشتی | 135 | %100 |

لەم خشتەیە کە تایبەتە بەو چوارچێوانەی کە هەواڵەکانی تایبەت بە بانگەشەی ریفراندۆم لە پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) لە میانەیدا خراوەتەڕوو ، وەك لە خشتەکە دیارە ئەو چوارچێوەیەی زۆر دووبارە بۆتەوە بریتین لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی و ململانێ ، دووبارەبوونەوەی ئەم دوو جۆرەی چوارچێوەی هەواڵی لە هەواڵەکانی تایبەت بە ریفراندۆم ، ڕەنگە ئەکەش بگەڕێتەوە بۆ سروشتی بابەتەکە خۆی کە بابەتێکی هەستیارە و نەك  هەر پەیوەستە هەرێمی کوردستان و عێراق بە تەنها ، بەڵکو پەیوەستە بە وڵاتانی هەرێمایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە.

سەبارەت بە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی لە چەند ڕەهەندێکەوە خراوەتەڕوو بۆ نموونە گوتاری سیاسی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی

سەربەخۆیی بەرپرسیاریەتیەکی مێژووییە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان ، لەبەرامبەردا بەرپرسیاریەتی پابەندنەبوون بە دەستوری هەمیشەیی عێراقیان دەخستە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵ ، هەر ئەوەشە وایکرد کورد پەنا بباتە بەر ئەنجامدانی ریفراندۆم ، زێدەباری ئەوەش گوتاری کوردستان لە رێگەی پێداگری لەسەر رۆڵی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش و ئەزمونی هەرێم لە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێم هەوڵیداوە کۆمەڵگەی نێودەولەتی بخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی پشتگیری کردنی ریفراندۆم و ئەنجامەکەی.

لەبارەی چوارچێوەی ململانێ ، ئەو کێشە و ناکۆکیە سیاسی و دەستوریەی بۆ چەندین ساڵە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی رەنگیداوەتەوە بەسەر ئەو هەواڵانە ، هەروەك لایەنێکی دیکەی پەیوەست بووە بەو ناکۆکیە زۆرەی لە نێوان پارتە سیاسیەکانی هەرێم لەسەر کۆی پرسی حکومڕانیەتی و دواتریش لەسەر کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم ، لە پاڵ ئەمانەش گوتاری وڵاتانی زلهێز و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەختکردنەوە بوو لە شەڕ و ململانێی دژ بە رێکخراوی داعش.

بەشێکی دیکەی هەوڵەکان لە چوارچێوەی بەراوردکاری خراوەتەڕوو ، وەك بەراوردکردنی ئەزموونی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە ئەزمونی ریفراندۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا لە وڵاتی ئیسپانیا کە لە 2017-10-1 ئەنجامدرا واتە شەش ڕۆژ دوای ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان کە لە 25-9-2017 بەرێوەچوو.

بەشێکی زۆر کەم و سنورداری هەواڵەکانیش خراوەتە چوارچێوەی ئاکامە ئابووریەکان ، بە گواستنەوەی لێدوانی بەرپرسانی هەرێم بەوەی پێشبینی ناکەن ئەنجامدانی ریفراندۆم هیچ ئەنجامێکی ئابووری خراپی ببێت لەسەر هەرێم ، بە پێچەوانەوە ئەو لایەن و ڕاگەیاندنانەی لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبوون زیاتر ئەو مەترسیەیان زەق دەکردەوە کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئابووری سەخت دەبێتەوە لە حاڵەتی داخستنی سنورەکان لەلایەن تورکیا و ئێران و رێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بەهۆی ئ ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە.

ئەو چوارچێوانەی بەکارهاتوون لەهەواڵەکانی تایبەت بە بانگەشەی ریفراندۆم بەشێوازێکی ئەرێنی بەکارهاتوون بۆ پشتگیری کردنی ریفراندۆم ، لەبەرئەوە تۆنی ماڵەڕەکە لە هەڵبژاردنی بابەت و گۆشە و سەرچاوەی هەواڵەکان ، تۆنێکی لایەنگرانە بووە بۆ ریفراندۆم.

خشتەی (2)

جۆری کوتاریراگەیاندنی پێگەی ئەلیکترۆنیK24

| جۆر | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شیکاری | 18 | 13.33 |
| رەخنەیی | 32 | 23.70 |
| پاساوهێنانەوە | 20 | 14.81 |
| هەڵسەنگاندن | 21 | 15.55 |
| گەیاندنی زانیاری | 44 | 32.59 |
| کۆی گشتی | 135 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (2) ئەوە دەردەکەوێت کە گوتاری رەخنەیی و زانیاری گەیاندن لە سەرووی جۆرەکانی گوتاری ماڵپەڕەکە دێن ، سەبارەت بە زانیاری گەیاندن لە زۆرێك لە هەواڵەکان ڕەنگیداوەتەوە ، بە تایبەتی ئەو هەواڵانەی پەیوەست بوون بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە مەڕ کات و ڕێوشوێنەکانی رێکخستنی ریفراندۆم لەلایەن کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی و کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم و حکومەت و لایەنە سیاسیەکان و شەو شاندانەی لە هەرێمەوە ڕەوانەی بەغدا و ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە دەکران ، زێدەباری ئەو شاندی ئەو وڵاتانەی سەردانی هەرێمیان دەکرد بۆ ڕازیکردنی بەرپرسانی هەرێم بە دواخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆم.

دوای ئەوە گوتاری ڕەخنەیی بەشێوەیەکی بەرچاو لەو هەواڵانە دەبینرێ ، بەو پێیەی زۆربەی ئەو هەواڵانە بریتین لە گواستنەوەی گوتار و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانی بەرپرسانی باڵای هەرێم سەبارەت بە زەمینە و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم ،ڕەخنەیان ئاڕاستەی حکومەتی فیدراڵ کردوە بە پابەندنەبوون بە دەستوری عێراق و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێوەبردنی وڵات و زاڵبوونی هەژمونی مەزهەبی بەسەر ناوەندی بڕیار و لەبەرچاونگرتنی ماف و سەنگی کورد و پێکهاتەکانی دیکە.

پاساوهێنانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو ڕەخنانەوە هەیە کە لە گوتاری سیاسی بەرپرسانی هەرێم لە میانەی بانگەشەی ریفراندۆم چەندبارە دەبویەوە ، پاساوەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بوون بەو پرسیارەی بەردەوام ڕووبەڕووی بەرپرسانی کوردستان دەکرایەوە کە بۆچی ریفراندۆم ئەنجام دەدەن؟ لە وەڵامدا ئەو ڕەخنانەی سەرەوە دووپات کراونەتەوە ، سەرباری جەختکردنەوە لەسەر مافی نەتەوەیی کورد و ئەو خەبات و خوێنەی داویەتی و ڕشتویەتی لەو پێناوەدا.

لایەنی شیکاری لەبەشێکی ئەو هەواڵانە بە ڕوونی دیارە بە تایبەت لە هەندێ پرسی وەك ئایا ریفراندۆمی کوردستان نا دەستوریە ؟ ئایا ئەو ریفراندۆمە لەگەڵ یاسای نێودەولەتی یەکدەگرێتەوە؟ئایا عێراق مافی ئەوەی هەیە رێگە لەو ریفراندۆمە بگرێ؟ یاخود کاتێ باس لە خۆکارەکانی پاڵپشتی کردنی ئیسرائیل دەکات بۆ ریفراندۆمی کوردستان ، هەموو ئەمانە لە ڕوانگەیەکی شیکاریەوە ڕەهەندە جیاوازەکانی خراوەتەڕوو .

ئەوەی لە کۆی ئەو گوتارانە دەبینرێ ئەوەیە کە جەخنکردنەوەیە لەسەر ڕەوایەتی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم ، واتە هەم زیانیاری گەیاندن یان ڕەخنەیی و شیکاریەکە یاخود هەڵسەنگاندنەکەش بە یەك ئاڕاستەن ئەویش ئەو ئاڕاستەیەی کە بەرپرسانی هەرێم و بەشێك لە لایەنە سیاسیەکان لە کوردستان کاریان لەسەر دەکرد.

خشتەی (3)

ئەو پرسانەی گوتاری K24 لەخۆیگرتووە

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | پرس |
|---|---|---|
| 19.48 | 30 | پەیوەندی هەرێم و عێراق |
| 21.42 | 33 | مافی نەتەوەیی |
| 10.38 | 16 | دەستوری عێراق و یاسای نێودەوڵەتی |
| 7.14 | 11 | شەڕی دژ بە تیرۆر |
| 14.93 | 23 | ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم |

| | | |
|---|---|---|
| مافی کەمینەکان | 13 | 8.44 |
| پرۆسەی سیاسی لە کوردستان | 6 | 3.89 |
| دواخستنی ریفراندۆم | 22 | 14.28 |
| کۆی گشتی | 154 | %100 |

لەم خشتەیە ئەو بابەتانە دەردەکەوێت کە زیاتر لە دووتوێی هەواڵەکانی بانگەشەی ریفراندۆم ئاماژەیان بۆ کراوە و جەختیان لەسەر کراوەتەوە ، پیشاندانی خەونی سەربەخۆیی و دەولەتی کوردی وەك مافێکی نەتەوەیی ، پانتاییەکی گەورەی لە گوتاری سیاسی و رۆژنامەوانی کوردی داگیرکردووە ، لەو رووەشەوە جگە لە گوتاری بەرپرسانی هەرێم ، کار لەسەر ئەوەش کراوە کە دەرفەت لەبەردەم ئەو لایەن و کەسایەتیە بیانیانەش والا بکرێت کە بەرگری لەو مافە نەتەوەییەی کورد دەکەنەوە و لە سیاقە مێژوویی و یاسایی و سیاسی جیاجیادا دەیخەنەروو.

بابەتی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی عێراق بە چەندین شێوە خراوەتەروو ، بۆ نموونە لە زۆربەی ئەو هەواڵانە گوتاری سیاسی کوردی بە یەك ئاراستە کاری کردوە بۆ ئەوەی شکستهێنانی پەیوەندی عێراق و هەرێم لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ وەك راستیەکی حاشاهەڵنەگر بەردەوام دووپاتکراوەتەوە ، لەبەرامبەردا گوتاری عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتوەکان پێداگری بووە لە بایەخی دانوستان لە نێوان هەردوولا لەسەر بنەمای دەستور و لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.

هەروەك پرسی ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم لەلایەن کۆمسیۆن لە کەرکوك و چۆنیەتی دەنگدانی کوردی تاراوگە و وادەی ئەنجامدانی و ئەو کەرنەڤاڵ و کۆبونەوە جەماوەریانەی لە بانگەشەی بەلێ بۆ سەربەخۆیی دەکرا رووبەرێکی بەرچاوی گرتووە ، بەو پێیەی زانیاری گرنگ لە خۆی دەگرێت بۆ دەنگدەران و رای گشتی.

سەبارەت بە بابەتی دواخستنی ریفراندۆم ، لە دوا رۆژەکانی کەمپینەکە زیاتر قسە و باسی لەسەر دەکرا و رای گشتی و ناوەندە سیاسی و رۆژنامەوانیەکانی سەرقاڵ کردبوو ، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو فشارە زۆرەی دەکرا لەسەر بریار بەدەستدانی هەرێمی کوردستان بۆ دواخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆم ، ئەوە بوو تا 23-8 – 2017 واتە تەنها دوو رۆژ بەر لە وادەی دەنگدان ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسە بە شێوەیەکی یەکجارەکی یەکلاکرایەوە و ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم بڕیاریدا پڕۆسەکە لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.

خشتەی (4)

هێزە کاراکان لە گوتاری K24

| هێزە کاراکان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەرلەمان و حکومەتی هەرێم | 41 | 79.26 |
| کەسایەتی و پێکهاتە و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان | 36 | 23.52 |
| وڵاتانی هەرێمایەتی | 15 | 9.80 |
| کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی | 28 | 18.30 |
| پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵ | 33 | 21.56 |
| کۆی گشتی | 153 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (4) دا کەتایبەتە بە و هێزە کارایانەی دەقە هەواڵیەکانی تایبەت بە ریفراندۆم ،مەبەست لە هێزە کاراکانیش هەموو ئەو کارەکتەرە سروشتی و مەعنەویانەن کە بەشێوەیەکی رێژەیی و جیاواز ڕۆڵ و کاریگەریان لەو پرۆسەیدا هەبووە ، وەك لە ژمارە و ڕێژەکانیش دیارە دو هێزی کارای سەرەکی هەن کە نوێنەرایەتی دوو جەمسەرە دژەکەی پرۆسەی ریفراندۆم دەکەن ئەوانیش دەسەڵاتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان و لەولاشەوە دەسەڵاتی سیاسی عێراقە ،ئەو دوو هێزە بەردەوام لە گوتارە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکە دووبارە بۆتەوە بەو پێیەی دوو کارەکتەری کردەیی و ڕاستەوخۆی نێو هاوکێشەکەن.

دوای ئەوانیش کەسایەتی و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و مەدەنیەکان هەریەك بەگوێرەی سروشتی کار و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەبووە لەو بزاوت و چالاکیانەی لە ماوەی ئەو مانگە ئەنجام دراوە ، کاریگەری وڵاتانی زلهێز و ڕێکخراوە نێودەولەتییەکانیش بە ڕوونی دیارە بەو پێیەی پرسی دروست بوونی دەولەتێکی نوێ ڕەهەند و لێکەوتەی هەرێمایەتی و نێودەولەتیشی دەبێت ، زێدەباری ئەوەی عێراق بە چرِی چاوی کۆمەڵگەی نێودەولەتی لەسەرە بەهۆی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەڕی سێ ساڵی رابردووی داعش، ئەگەرچی کاریگەری ئەو هێزە زیاتر بە ئاڕاستەی دواخستنی ریفراندۆم بوو.بەهەمان شێوە ڕۆل و کاریگەری هێزە هەرێمایەتییەکان کە سەرچاوەیەکی دیکەی فشاربوون لەسەر بڕیار بەدەستدانی هەرێم بۆ دەستهەڵگرتن لە بڕاردەی ریفراندۆم.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لەم توێینەوەیە بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت :

یەکەم : گوتاری پێگەی ئەلیکترۆنی K24 لە بانگەشەی ریفراندۆم گوتارێکی لایەنگر بووە بۆ ریفراندۆم و بە ڕوونی پشتگیری ریفراندۆمی کردووە چ لە ڕووی پانتایی زۆر و تۆنی ئەرێنی و دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەو سەرچاوانەی هەواڵ کە نوێنەرایەتی بەرەی (بەڵێ)یان دەکرد.

دووەم: زۆرترین ئەو چوارچیوانەی بەکارهاتوون لە هەواڵەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 ی تایبەت بە ریفراندۆم بریتین لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی و چوارچێوەی ململانێ.

سێیەم :هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکە گرنگی زۆری داوە بە روونکردنەوەی رەهەندەکانی پرۆسەی ریفراندۆم و لایەنە دەستوری و یاساییەکانی.

چوارەم : گوتاری ڕەخنەیی زیاتر لە ناوەڕۆکی ئەو هەوالانە دووبارە بۆتەوە ، زۆرترین ئەو ڕەخنانەش ئاڕاستەی حکومەتی فیدراڵی عێراق کراون.

پێنجەم : پرسی پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراق و دوای ئەویش جەختکردنەوە لەسەر مافی نەتەوەیی کورد لە سەربەخۆیی دوو پرسی زاڵی نێو دەقە هەواڵیەکان بوون.

شەشەم: هەرێمی کوردستان و عێراق ئەو هێزە کارایانەن کە زۆرترین پانتاییان لە گوتاری میدیای ئەلیکترۆنی کوردیدا گرتووە، دوای ئەوانیش هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دێن.

## سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

1- حەمە صالح، صادق حەمە غەریب (2017) رۆڵی راگەیاندنی کوردی لە بەرێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بەسەرپەرشتی پ. د. تاهر حەسۆ زێباری – پ. ی. د. مەنصور ساعی، اربیل – کوردستان زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، بەشی راگەیاندن.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەزمانی عەرەبی

1- كمال، آمال (2008) "أطر معالجة الاحتجاجات الاجتماعية في الخطاب الصحفي : دراسة تحليلية مقارنة لعينة من الصحف المصرية " ، **مجلة البحوث الإعلامية**، القاهرة، المجلد الأول، العدد الثلاثون، ص ص. 200-214.
2- عطية، هبة (2005) "المعالجة الإخبارية للقضية الفلسطينية في قناة (TV5 الدولية و قناة الجزيرة القطرية: دراسة. تحليلية وميدانية"، **رسالة دكتوراة غير منشورة** (القاهرة : كلية الإعلام بجامعة القاهرة.
3- حسن، هاشم (2010) الاعلام العراقي حريةالتعبير والوصول الى المعلومة، بغداد، العراق، هيئة الاعلام والاتصالات.
4- سميسم،حميدة (1997) مفهوم الخطاب الاعلامي، بحث، المؤتمر العلمى الثالث، تحليل الخطاب الاعلامي، الاردن، جامعة فيلادلفيا.
5- خضور، أديب (2002) الاعلام العربي الموجه الى الاخر – مقارنة منهجية، مجلة الاذاعات العربية، العدد (2) اتحاد الاذاعات العربية، تونس
6- حمود، جليل وادى (2000) الخطاب الاعلامي و ادارة الازمة السياسية الدولية، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم الاعلام.
7- محمد، صباح أنور(2016) تسويق الخطاب الاعلامى للاحزاب السياسية، عمان، دار أمجد للنشر والتوزيع.
8- زايد، احمد (2007) صور من الخطاب الدينى المعاصر، القاهرة، دار العين للنشر والتوزيع.
9- عبدالجبار، حسين(2011) اتجاهات الاعلام الحديث والمعاصر، الاردن، دار اسامة للنشر والتوزيع.
10- فوكو،ميشيل (1998) جينالوجيا المعرفة، ترجمة: احمد السلطانى، وعبدالسلام العالي، الدار البيضاء، دار توفيال.
11- الحكيم، فواز منصور(2001)سوسيولوجيا الاعلام الجماهيرى، الاردن، دار اسامة للنشر والتوزيع.
12- عبدالحميد، محمد (2004) *نظريات الأعلام و اتجاهات التأثير*،ط1، القاهرة، عالم الكتب.
13- مكاوي، حسن عماد و السيد، ليلى حسين (2006) *الأتصال و نظرياته المعاصرة*، ط6، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.
14- سلام، محمد شكرى (2003) ثورة الاعلام والاتصال من الايديولوجيا الى الميديولوجيا (نحو رؤية نقدية)، مجلة عالم الفكر، المجلد 32، العدد (1) ص 115

بەزمانی ئینگلیزی

**1-** Robert,*W. (2001) Understanding Audiences, Learning To Use The Media Constructively* ( Mahwah : NJ,Lawrence Erlbaum Asscites publishers.
**2-** Entman, R. (1993) Framing : Toward Clarifcation Of A Fractured Paradigm. *Journal Of Communication*, Vo 1, 3, No. 4. PP.51-58
**3-** Rhee June, R. (1997) Strategy and Issue Frames in Election Campaign Coverage : As Social cognitive Accounts of Framing Effects. ***Journal of communication***, vol. 47, No. 3.
**4-** Baran, S.J. and DAVIS, D.K. (2008). *Mass communication theory: Foundation, ferment, and the future*, Wadsworth, New York.
**5-** Watson, J. (1998) Media Communication An Introduction to Theory and Process, United states of America, Macmillan Education.

-

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Electronic Media Discourse About The 2017 Referendum In The Kurdistan Region (The K24 Website As A Sample)

**Dr Abdulkhalq Ibrahim Mstaffa**
Department of Media, Erbil Admnistrative Technical Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

## Abstract

The study aims to identify the most important frameworks and topics used in the electronic media discourse during the media campaign for the 2017 referendum. This study is a descriptive study that uses a media survey method based on the content analysis. The electronic news websites represent the study community. The K24 website has selected as a sample of the study. (90) news stories were analyzed over the course of the campaign, which lasted for a month, among the most important findings of the study: that the discourse of the study sample was biased for the referendum, and that the frameworks most used in the study sample coverage of the campaign are the liability and conflict framework.

## ملخص:

تهدف الدراسة الى تحديد اهم الأطر و المواضيع المستخدمة في الخطاب الأعلامي الألكتروني اثناء الحملة الأعلامية لأستفتاء عام 2017، هذه الدراسة دراسة وصفية استخدمت منهج المسح الٳعلامى معتمدا طريقة تحليل المضمون, تمثلت مجتمع الدراسة فى المواقع الأخبارية الألكترونية و تم اختيار موقع K24 كعينة للدراسة و تم تحليل محتوى (90) خبرا على مدار أيام الحملة التي استمرت لمدة شهر, من أهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة: أن خطاب عينة الدراسة كان خطابا متحيزا للأستفتاء و أن ألأطر الأكثر استخداما في تغطية عينة الدراسة للحملة هما اطار المسوؤلية و اطار الصراع.